



ئەرسەلان دەروێش:

# شاکاری (دوژمنی گەل) بەخۆداچوونەوەیە بۆ ئەوەی کەمتەرخەمییەکان چارەسەر بکرێن

ئا/ بەرهەم شێخ عیزەدین

دوای نمایشکردنی زنجیرە شانۆگەرییەکی سەرکەوتووی کوردی کە دواهەمینیان شانۆگەریی (تاریکتر لە شەوەزەنگ) بوو، کە لە نووسینی (د.دڵشاد مستەفا) لە مانگی دێسەمبەری رابردوودا پێشکەش کرا. دەرهێنەری کورد هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) دەگەڕێتەوە بۆ دەرهێنانی تێکستە جیهانییەکان و شانۆگەریی (دوژمنی گەل) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین دەقەکانی نووسەری مەزنی نەرویژی (هینریك ئیبسن) و لە شاری هەولێری پایتەخت



نمایش دەکرێت، لەم شانۆگەرییەدا کە لەلایەن کەناڵی (کوردستان ٢٤)ـەوە سپۆنسەریی میدیایی دەکرێت، لەلایەن وەزارەتی رۆشنیریی و لاوان-بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر، بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێرەوە بەرهەم دەهێندرێت و (تیپی شانۆی سالار) نمایشی دەکات، دەستەیەك لە شانۆکارە گەنجە ئەکادیمییەکان بەشداریی تێدا دەکەن و کارە هونەرییەکانی رادەپەڕێنن، هاوکات رۆڵە سەرەکییەکان لەلایەن هونەرمەندان ( بەهمەن حاجی، مەولان حەمەدەمین، وەیلان سدیق، یوسف یوسفی، محەمەد تاهیر، یاسین عومەر، سیما مستەفا، زیاد کەریم) بەرجەستە دەکرێت، هەروەها کۆمەڵێك ئەکتەری دیکەش بەشدارن لەوانە (زەهرە نەجات، هۆزان کاروان، نەورۆز عەلی کەمال، بنیاد فەرحان، دیمەن تاهیر، هاوکار خدر، محەمەد حەمە، شەنیارمحەمەد، عەلی کەمال، گەرمیان گلی، باوان کەیفی، یارا ئەرسەلان، رەهێڵ هەورامان) هاوکات هونەرمەندان (دانا محەمەد وەك یاریدەدەری دەرهێنەر، مەولان حەمە دەمین وەك بەڕێوەبەری شانۆ، سەرباز عەبدولڕەحمان وەك جێبەجێکردنی سینۆگرافیا) بە هاوکاریی کۆمەڵێك بەهرەمەندی تازەدەرکەوتوو کارە هونەرییەکانی (دیکۆر و روناکی و موزیك و دەنگ) ئەنجام دەدرێن، پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بە هۆڵە شانۆییەکەی پشتیوانی کارەکە دەکات و نووسەر و هونەرمەندی دوورەوڵات (هاودەم ساڵح جاف) لە نەرویژییەوە دەقەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

**سەبارەت بەم کارە شانۆییە دەرهێنەری ناسراو (ئەرسەلان دەروێش) دەڵێت:**

- ئەم شانۆگەرییە شاکارێکی هونەریی بێ هاوتایە، بەتایبەتی لەم ساتە وەختە گرنگەدا کە ئومێد دەکرێت هەمووان بەخۆداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە چۆنێتیی وەرگرتنی هەڵوێست و بڕیار و پەیوەندیی نێوان کارکردنی حکومەت هاوڵاتی بکەن و، کەمتەرخەمی و ناعەدالەتی و گەندەڵی رابگیرێت و چارەسەربکرێت.

(دوژمنی گەل ) هاواری تاکێکی بوێرو ویژدان زیندووە، بۆ راچەنینی کۆمەڵگەیەك کە گومڕا بووە و گەندەڵی هەراسانی کردووە و ئاسوودەیی راستەقینەی لێ داماڵیوە. لەم بەرهەمەدا ئێمەی ستافی کارەکە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی (هێنریك ئیبسن) : کە دەکرێت راستی و حەقیقەت لەلای(تاك)ی هۆشیار و هەڵکەوتووبێت، نەك لەلای (زۆرینە)ی گومڕاکراو و بەرژەوەندیخواز، بەڵێ دەکرێت ئەوانەی گەندەڵ و دەربار و خاوەنی ئیرادە و هەڵوێستی خۆیان نین، بەردەوام لەهەوڵی لەکەدارکردن و ناوزڕاندنی کەسانێك بن، کە بە پێچەوانەی ئەوانەوەن، نەخاسمە بە سووتاندنی رەش و سپی بەیەکەوە بۆ شاردنەوەی شەرمەزاری و تاوانەکانیان. وەلێ کارو بەرهەم و هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانە و ژیان دۆستانەی (تاکە) جوامێر و حەقبێژەکان، هەر دەمێنێت و لەتوانایدایە دڕ بەو تاریکیی جەهل و گومڕاییە بدات.

لەم سۆنگەیەوە (دوژمنی گەل) و بەشدارانی، دەیانەوێت گوڕێك بە هیوای تاکی خۆنەویست و ئیرادەپتەو بدەنەوە، بۆ چاکسازیی و بەردەوامبوون لە حەقبێژیی و نەسڵەمینەوە لە ئەهریمەنی ستەم و چەواشەکاریی و خۆسەپاندنی کۆ بەسەر تاکدا.

هیوادارین بەرهەمەکەمان جێگای سەرنج و لێ رامانی بینەران بێت و لە رێکەوتی ٩ی مانگی داهاتوودا ئامادەی نمایشکردنی بن. سوپاس و پێزانینم بۆ (بەڕێوەبەڕایەتیی هونەری شانۆی هەولێر ) و یەکە یەکەی هونەرمەندانی ئازیز و خۆشەویستی بەشدار، کە هەموو تەقەلاو کۆششێکیان خستووەتە گەڕ، بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە شانۆییە جیهانییە لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە لەدەرنجامی نەبوونی هۆڵی شانۆیی وکەرەسە تەکنیکی و هونەرییە پێویستەکان و کەمی کارەبا و .. هتد، کارکردن لە شانۆدا سەختتر دەبێت، چونکە لە راستیدا کارکردن لەم بوارەدا پێداگری و سووربوونە بۆ بەردەوامی و برەوپێدان بەم هونەرە و بەشداریکردنە، لەو هەوڵ و کۆششە بەرفراوانەی هاوەڵانمان لەم پێناوەدا لەشار و دەڤەرەکانی وڵات خۆنەویستانە خستوویانەتەگەڕ. شایانی باسە کەناڵی کوردستان٢٤ بە سوپاسەوە سپۆنسەری میدیایی شانۆگەرییەکەمان دەکات.

**دوژمنی گەل) و بەشدارانی، دەیانەوێت گوڕێک بە هیوای تاکی خۆنەویست و ئیرادەپتەو بدەنەوە، بۆ چاکسازیی و بەردەوامبوون لە حەقبێژیی و نەسڵەمینەوە لە ئەهریمەنی ستەم و چەواشەکاریی و خۆسەپاندنی کۆ بەسەر تاکدا**

# رۆشان قۆزترین ئەكتەری جیهانە

هیسریك رۆشان یەكێكە لە باشترین ئەكتەرەكانی بۆلیۆد، چ لە رووی ئەدای لە كارە هونەرییەكانیدا، یان بە هۆی هێز و توانا و كەسایەتیی بەهێزی، كە وای لێكردووە جەماوەر رێزێكی تایبەتییان بۆی هەبێت، هەر ئەمەش جیاوازیی نێوان ئەو و زۆر لە ئەكتەرانی دیكەی بۆلیۆدە.

ئەم تایبەتمەندییانە وایان كردووە، كە رۆشان ببێتە یەكێك لەو ئەكتەرانەی كە خاوەن جەماوەرێكی زۆرە، نەك تەنیا لە هیندستان، بەڵكو لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیش، لەم رووەوە بەپێی راپۆرتێكی ماڵپەڕی (timesofindia)ی هیندی كە لەم مانگەدا ئەنجامیداوە، لە بواری جوانترین و قۆزترین ئەكتەر و كەسایەتی جیهانی وەك كریس ئیڤانز، دیڤید بێكهام و رۆبرباتنیسۆن، رۆشان لە پێشەوەی زۆر لە كەسایەتییە ناسراوەكانی جیهان دێت.

دوایین كاری رۆشان فیلمی سینەمایی "Super 30" بوو، كە تێیدا رۆڵی پرۆفیسۆری بیركاری ئەناند كۆمار دەبینێت و، وانە بەو گەنجانە دەدات كە لە خوێندن بێبەش بوون، ئەم فیلمە سەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەستهێنا و بووە هۆی ئەوەی لەلایەن زۆربەی لایەنە رەسمی و جەماوەرییەكانەوە ستایشی بكرێت.

جێگای ئاماژە بۆكردنە رۆشان یەكێكە لەو ئەكتەرانەی كە بە رۆڵە جیاوازەكانی ناسراوە و لە سەما كردن خاوەن بەهرەیەكی زۆرە و چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری بەدەستهێناوە، لە هەمان كاتدا بەوە ناسراوە كە خاوەن زۆرترین كرێیە لە كارە هونەرییەكانیدا، چونكە بەشی هەرەزۆری فیلمەكانی لە رووی جەماوەرییەوە سەركەوتوو بوون و داهاتی زۆریان بەدەستهێناوە، ئەمەش وایكردووە كە بەرهەمهێنەران بە هەرشێوەیەك بێت، هەوڵ بدەن كە لە كارەكانیاندا بەشدار بن.





## ئەڤین:
# لە سووریا ئاستەنگ بۆ هونەرمەندانی کورد دروست دەکرا

ئەڤین بەرازی عاشقی سینەمایە و خەڵکی شاری کۆبانێی رۆژئاوای کوردستانە، لە ئێستادا بواری هونەر و دەرهێنانی هەڵبژاردووە، سەرەتا لە لوبنان لە زانکۆی بەیروت دەستی بە خوێندن کرد و تێیدا بەرزترین پلەکانی بەدەستهێنا، ئێستاش بەردەوامە بۆ کار کردن لەو بوارەدا.
خانەوادەی ئەڤین هاوکارێکی باشبوون بۆی و لەو بارەوە دەڵێت: «خێزانەکەم زۆر هاوکاریی منیان کرد، کارئاسانییان بۆ کردم کە لەسەر رێگای خۆم بەردەوام بم، بەڵام لە سووریا ئاستەنگ بۆ هونەرمەندانی کورد دروست دەکرا، هەموو کارێك لەژێر چاودێریدا بوو، نەماندەتوانی بە ئازادی کار بکەین.
سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم سینەماکاران پێیوایە بارودۆخی ئێستای سینەمای کوردی لە رێگای دامەزراندنی پەیمانگای سینەمایی پێویستی بە هەستانەوە و چارەسەر کردنی زۆر لەو گرفتانە هەیە، کە ئاستەنگن لەبەردەم سینەمای کوردی، گۆڤاری سینەمایی، دامەزراندنی هۆڵی سینەمایی و کۆمپانیا و کەناڵی سینەمایی تایبەت بە دابەشکردنی فیلمە سینەماییەکان کە هانی بینەری کوردی بدات بۆ سەیرکردنی فیلمە سینەماییەکان، هەموو ئەمانە هۆکاری برەودانن بە بواری سینەما.
ئەڤین تیشك دەخاتە سەر بینەری کورد وسەیر کردنی فیلم و زنجیرە بیانییەکان، لەو بارەیەوە دەڵێ: «بە رای من هۆکارەکەی کەمیی ژمارەی فیلمە کوردییەکانە، کە بەشێکی زۆریان پشت بە کۆششی تاکەکەسی دەبەستن، هەروەها نەبوونی پیشەسازیی سینەمای کوردی دەبێتە هۆی خولْقاندنی زمانێکی سینەمایی هاوبەش».
سەبارەت بە پەیامی خۆی لە سینەمادا وتی: «هیوادارم دەنگی کورد بگەیەنمە ئاستی جیهانی، چونکە مێژووی کورد پڕە لە پاڵەوانێتی کە بە زێڕ لە مێژوودا نووسراونەتەوە، من ئەمە بە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکی دەزانم بەتایبەتی هونەرمەندو دەرهێنەرەکان».

## هۆزان ناتالیا:
# دوژمنان بەر لە هەر شتێک هەوڵی لەناوبردنی زمان و کولتووری ئێمەیان داوە

هۆزان ناتالیا خانمە هونەرمەندێکی دەنگخۆشی کوردی وڵاتی ئۆکرانیایە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە و ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی، بەردەوام لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە گۆرانییەکانی خۆشەویستیی بۆ نیشتیمان دەربڕیوە.
ناتالیا باس لە خۆشەویستی وڵات لەلایەن هونەرمەندان و ئەرکی سەرشانیان دەکات، لەم رووەوە دەڵێ: «زۆربەی نەتەوەکانی جیهان بە مافەکانی خۆیان شاد بوون و بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، تەنیا ئێمەی کورد نەبێت، کە قەدەرمان وابوو، بۆ پاراستنی بوونی خۆمان و زمان و کولتووری نەتەوەییمان دەست بە خەبات و کۆشش بکەین، دوژمنان هەمیشە هەوڵیانداوە مۆرکی نەتەوەیی و کولتووریی ئێمە بە هەموو شێوەیەك بسڕنەوە، بەڵام میللەتی کورد کۆڵی نەداوە و بە درێژایی مێژووی خەباتی لە هەموو رووەیەکەوە کردووە و توانیەی بوونی خۆی بپارێزێت، دوژمنان هەموو جۆرە چەك و توانایەکی سیاسی و دبلۆماسی و سەربازییەکی خۆیان دژی میللەتەکەمان بەکارهێنا، لە رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و بنپێ خستنی مافەکانمان، تا دەگاتە قەتلوعامکردن و ئەنفال و کیمیا باران و دوایین جاریش تیرۆریستانی داعش».
ئەم خانمە هونەرمەندە کوردەی ئۆکرانیا ئاماژە بۆ خۆراگریی نەتەوەی کورد دەکات و دەڵێ: «ئێمە خاوەن خاکێکین، کە بەسەر چوار وڵات و سێ کولتووری جیاوازدا دابەش کراوە و دوژمن و داگیرکەرانیش بەر لە هەر شتێك بیریان لە نە هێشتنی زمان و کولتوور و هونەری ئێمە کردۆتەوە و لەکەداریان کردووە، تەنانەت بۆ سالآنێکی زۆر لەم وڵاتانە قسەکردنیش بە زمانی کوردی قەدەغە بووە و لە بارودۆخێکی ئاوادا، تەنیا پاراستنی زمانی کوردی بۆ خۆی دەستکەوتێك بووە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی ژیاندۆستە، بۆیە بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەرامبەر بە دوژمنانی وەستایەوە، بەمەش دۆست و دوژمنانی ناچار کرد، کە رێز لەم قوربانیدانە بگرن».



### هونەرمەند تەیب موعتەسیم:

# سرووشتی شارەکەم لە زۆربەی تابلۆکانمدا ڕەنگی داوەتەوە و خەیاڵی ئەفسوناویی پێ بەخشیوم

**هونەرمەند» تەیب موعتەسیم»، تەمەن (٤٤) ساڵ لە گوندە دڵڕفێنەکەی (سەران)ی سەر بەشاری ڕواندز لەدایك بووە، ئەگەر چی ئێستا تەنیا یەك پەنجەی کار دەکات بەڵام هەردەم توانستێکی لەرادەبەری هەیە هەرگیز ناتەندروستی جەستەی نەبۆتە ڕێگربۆ بەرەودان بە کارە هونەرییەکانی، ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتە هەر لەسەر کورسی خاوەن پێداویستی تایبەت سەرجەم کارەکانی رایی دەکات، لە هەمووی گرنگتر لە چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و سەندیکا کار دەکات بەهۆی ئەو بەهرە و ژیانە تایبەتییەوە بۆتە کەسێکی ڕوح سووك و خۆشەویستی خەڵکی، وەك سەرسامی و نموونەیەکی باڵا لە کوردستان، بەردەوام خەڵکی لە هەموو ئاستەکان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت کەسانی بیانیش سەردانی دەکەن و سەرسەمامی خۆیان بە توانستی ئەو دەردەبڕن، وێڕای ئەوەش، ستایشی کارەکانی دەکەن ئێمە بۆ زیاتر ئاشنا بوو بە کارەکانی بە چەند پرسیارێکمان هونەرمەند تەیب موعتەسیم بەسەر کردەوە.**

**هەڤپەیڤین /کامەران حاجی ئەلیاس**



هونەرمەند تەیب موعتەسیم، ڕۆژی ١٩٧٥/٧/١ لە گوندە دڵڕفێنەکەی (سەران)ی سەر بە شارۆچکەی ڕواندز لەدایك بووە. ئەگەرچی ئێستا تەنیا یەك پەنجەی کار دەکات، بەڵام هەردەم توانستێکی لە رادەبەری هەیە، هەرگیز ناتەندروستیی جەستەی نەبۆتە ڕێگر بۆ برەودان بە کارە هونەرییەکانی، ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتە، هەر لەسەر کورسی خاوەن پێداویستی تایبەت سەرجەم کارەکانی رایی دەکات، لە هەمووی گرنگتر لە چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و سەندیکا کار دەکات، بەهۆی ئەو بەهرە و ژیانە تایبەتییەوە وەك سەرسامی و نموونەیەکی باڵا لە کوردستان بۆتە کەسێکی ڕۆحسووك و خۆشەویست، بەردەوام خەڵکی لە هەموو ئاستەکان و لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت کەسانی بیانییش سەردانی دەکەن و سەرسامیی خۆیان بە توانستی ئەو دەردەبڕن، وێڕای ئەوەش، ستایشی کارەکانی دەکەن، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە کارەکانی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هونەرمەند تەیب موعتەسەم کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

- سەرەتا دەمانەوێت بزانین ژیانی هونەریت چۆن دەستی پێ کرد ؟

من خاوەن پێداویستیی تایبەتم، سەرەتا سێ پەنجەی دەستم کاری دەکرد، بەداخەوە لە ئێستادا تەنیا یەك پەنجە لە دەستی ڕاستم کار دەکات. بەهۆی ئەوەی هەر لەسەرەتای لەدایکبوونمەوە بەزگماك خاوەن پێداویستیی تایبەت

بووم، نەمتوانیوە بچمە قوتابخانە، بۆیە هەر خۆم خۆم فێری خوێندن و نووسین کرد. من هەر لە منداڵییەوە بەهرەی هونەریم لە بواری شێوەکاریدا هەبوو، چەندین پیشانگەی تایبەت و هاوبەشم لە شارەکانی کوردستان کردۆتەوە، بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٨- ٢٠٠٥)، جگە لەوەش لە زۆرێك لە چالاکیی جۆراوجۆری وەك دامەزراندنی رێکخراوی ناحوکوومی و پیشەیی و کاری دیزان و بواری ئایتی و کاری کۆمەکی رۆشنبیری و خێرخوازی و زۆر لایەنی دیکە کارم کردوە، بە هۆی ئەوەی باری تەندروستیم وەك پێویست نییە، ئێستای لەبواری هونەری و دیزایندا بە کۆمپیوتەرە کار دەکەم، لەگەڵ دیوێکی دیکەی ژیانی هونەریمدا، بژێوی ژیانی خۆم لە رێگای دوکانەکەمەوە دابین کردوە، لە ئێستاشدا من ئە ندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردییم لە رواندز، ئەندامی کۆمەڵەی سۆران بۆچاودێری پەککەوتووانم، لە هەمان کاتدا یەکێکم لە دەستەی دامەزرێنەرانی ( رێکخراوی هاورێیانی کتێب) لە رواندز، تا ئێستاش لەم رێکخراوە کار دەکەم، لە ١٩٩٠ پەیوە ندیم کرد بە یەکێتیی هونەر مەندانی کوردستان –کۆمیتەی پاشای گەورە، تیپی هونەری رواندز- تا دروستبوونی سەندیکای هاوبەش، ئێستاش ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانم. ئێستا لە رێگەی کۆمپیوتەر دیزاین و بەرگی کتێب و نامیلکە دەکەم و شارەزاییم لە دروستکردنی لۆگۆ و مـۆر هەیە، زیاتر لە ١٠٠ بەرگی کتێب و نامیلکەم دیزاین کردووە، لە هەمان کاتدا خاوەنی (پرۆژەی رواندز فۆتۆگرافی گەلەری ) و (پرۆژەی کۆکردنەوەی وێنەی کۆن و دۆکیۆمێنتاری ) یم.

- بۆچی بە شێوەکاری دەستت پێ کرد و تێکەڵ بە جیهانی هونەر بوویت؟

* منیش وەك هەر کەسێك، یان هونەردۆستێك، خولیای و خۆشەویستیم بۆ هونەر و جوانی هەبووە، سەرەتا بە کاری هێڵکاریی «شەرە پشیلەی» منداڵان دەستم پێکرد، پاشان وەردە وەردە لەگەڵ گەورەبوونم و زیاتر ئاشنابوون لەگەڵ هونەرمەندان و خوێندەواربوونم، پەرەم پێی داو هاتمە ناو کایەی هونەر.

- دەکرێت بڵێین سرووشتی رواندز هەوێنی تابلۆکانتان بووە؟

*بەڵێ، رواندز لەگشت بوارەکانی ژیانمدا جێگەی تایبەتی هەبووە، لەوانیش هونەر، تابلۆی تایبەتم بە سرووشتی خەرەند و گەلی و کۆچ و کۆڵانی شار هەبووە، بۆیە سرووشتی شارەکەم لە زۆربەی تابلۆکانمدا رەنگی داوەتەوە و هەردەم خەیاڵی ئەفسوناوی پێ بەخشیوم، هەست و نەستی منی جووڵاندووە .

- ئیستا زیاتر لە کاری (دیزاین) ی کتێبدا کاردەکەیت، پێتوایە ئەمە هۆکاری دوورکەوتنەوەت لە نیگارکێشان بێت؟

*نەخێر، من بەهۆی تێکچوونی زیاتری باری جەستەیی و تەندوستیمەوە لە هونەری نیگارکێشی دوور کەوتمەوە. ئەمە هۆکاری سەرەکییە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو زەحمەتییە و بێ تاقەتیشم هونەرم فرامۆش نەکردووە و لە لایەکی دیکە و بەشێوازێکی دیکە پەرەم بە هونەر داوە، ئەویش لە رێگەی بەکارهێنانی کۆمپیتەر بۆ دیزاینکردنی گرافیك کۆلاچکردنی بەرگی کتێب و نامیلکە و جارجاریش نیگاری پێ دەکێشم.

- تەکنەلۆژیای سەردەم تاچەند ئاسانکاریی بۆ رەخساندووی، بۆ ئەوەی کاری هونەری بکەیت؟

*من زۆر سوودم لە تکنۆلۆجیا وەرگرتووە و ٩٥٪ی کار و چالاکیی جووڵەم لە رێگەی کارەبا و کۆمپیتەرەوە ئەنجام دەدەم، بگرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشم لەگەڵ دەورووبەر هەر لە رێگەی تەکنۆلۆجیایە.

- زیاتر کێ هاوکار و پاڵپشتی کارەکانت بووە؟

. * دایك و خوشك و براکانم، مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا) لەگەڵ دۆست و ناسیاو کۆمەڵگە و شارەکەم هاوکارو پاڵپشتییان کردووم.

- تا ئێستا خاوەنی چەند پیشانگەی تایبەتی و هاوبەشیت؟

*من خاوەنی ١١ پیشانگەی تایبەتیی شێوەکاری و فۆتۆگرافیم، هاوکات بەشداریم لە زیاتر لە ٣٠ پیشانگەی هاوبەش لە زۆربەی بابەتە هونەرییەکان کردووە.

- ئاستی هونەری شێوەکاری لە کوردستان چۆن دەبینی؟

*ئەوەی من ئاگاداربم ئەو ساڵانەی کۆتایی گشت بوارەکانی هونەر بەرەو پووکانەوە و خاوبوونە دەچن و خەریکە هونەر لای ئێمە دەبێتە مێژوو، هیوادارم گۆڕانکاری بەسەر ئەو خامۆشییەدا بێت و دەزگا پەیوەندیدارەکان گرنگی بە هەموو بوارەکانی هونەر بدەن و گرنگی بە دروستکردنی هۆڵ و گەلەری بدەن.

- چەندین کەسایەتی ناوخۆیی و بیانی سەردانیان کردووی، لەو رووەوە هەست بە چی دەکەیت ؟

*زۆر هەست بە خۆشی دەکەم، چونکە ئەوانەی بە هۆی هونەر و کەسایەتیمەوە سەردانم دەکەن، زیاتر هاندەرم دەبن بۆ ئەوەی لەسەر کارەکانم بەردەوام بم، بۆیە لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

- ئەو ئاستەنگەکانە کە دەبنە لەمپەر لە ئەنجامنەدانی کاری هونەریت چین؟

* بێگومان ئاستەنگ زۆرن، بەڵام لە هەمووان کاریگەرتر باری تەندروستیمە، چونکە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنم رۆژ بە رۆژ بێ تاقەت دەبم، هیوادارم باری تەندروستیم هاوکارو بێت بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە هونەر و گەلەکەم بکەم.

- لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی بۆ دەرفەتە کە بە ئێمەت بەخشی و ماندووماں کردی.

*منیش زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم هەر سەرکەوتوو بیت.